# سۆسیالیستەکان و فەلسەفەی زمانی سیاسی -.. ئەکرەم سەعید

بەشی یەکەم

" ڕەخنەی بەبەزەییانە لە هەموو ئەوەی کە هەیە " – مارکس (١).

پێشەکی تیۆری:

ڕەنگە هەندێک لە مارکسیستەکان پێیان وابێت کە نووسینی ڕەخنە کە ئاراستەی چەپ بکرێت لەم کاتەی ئێستاماندا کارێکی گونجاو نییە، و بەگەشیان بە ئەوە ئەوەیە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە تێیدا هزر و سیاسەتی بەرژوازیی ڕاستەو باڵادەستە و بەهێزتر دەبێت، باشتر وایە هەموومان هەوڵ بدەین بە یەکخستنی ڕیزەکانی چەپ و دووربکەوینەوە لە ڕەخنەگرتن لە یەکتری. وەڵامدانەوەی ئەم هاوڕەبەزانەش ئەوەیە کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی تەنها بە بەڵایەنی و ڕەخنەی بنەڕەتی و مەبدەئی بەهێز دەبێت؛ چونکە مارکسیزم لە جوهەردا بریتییە لە ڕەخنە. کتێبە بەناوبانگەکانی هەریەک لە (مارکس، ئەنگڵس، لینین، کاوتسکی، پلەخانۆف، هتد)، زۆربەیان بریتین لە ڕەخنەگرتن لە چەپەکانی سەردەمی خۆیان، بە نموونە: (کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی ڕەخنەیە لە چەپی هیگڵی – کتێبی دژە دوهرینگ ڕەخنەیە لە بیرمەندێکی چەپی ئەڵمانی – ڕەخنە لە بەرنامەی گوتا ڕەخنەیە لە فیکری لاسال – هەژاریی فەلسەفە ڕەخنەیە لە پرودۆن،، هتد).
سۆسیالیستەکان پێیان وایە کە ڕەخنە چەکێکی فیکرییە لە جەنگی چینایەتیدا، و هەرکەسێک دەستبەرداری ڕەخنە ببێت، ئەوا دەستبەرداری سۆسیالیزم و بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار بووە. هیچ حیزبێک مافێکی قەرخکراوی (تایبەتی) نییە بەسەر فیکری سۆسیالیستی و بزووتنەوەی چینی کرێکارەوە، تا ڕەگری لە ئەوانی تر بکات لەوەی ڕەخنەی مەبدەئی و بنەڕەتی ئاراستەی دروشم و تاکتیکەکانی بکەن. ڕەخنە ئازادە؛ بە مەرجی پابەندبوون بە ڕەزگرتن لە کەسایەتیی ئەوی تر و دوورکەوتنەوە لە ناوزڕاندنی هیچ حیزبێک. قەدەغەکردنی ڕەخنە لە سۆسیالیزم دەیگەڕێت بۆ ئایین، واتە دەگەڕێت بۆ زەردەواری و سەرکوتکردنی هۆشیاریی کرێکاران، و ڕەگ و ڕیشەی ئەم ڕەبازە سەرکوتکەرەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ستالینیزم.

ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر گرفتە بنیادی و چەمکسازییەکان لە گوتاری چەپی هاوچەرخدا، لە ڕێگەی خستنەڕووی نموونەیەک لە ئەدەبیات و بەیارە سیاسییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە. شیکردنەوەی زمانەوانیی بەڵگەنامەکانی ئەو دوو حیزبە ئاشکرای دەکات زاراوە و چەمکەکانییان ڕێگ و ڕیشەیان لە هەردوو فەلسەفەی لیبرالی و کۆنەپارێزیدا داکوتیوە؛ بە جۆرێک چەمکە سەرەکییەکانی وەک دیموکراسی، دەسەڵاتی گەل، ئازادی، دادپەروەری، و یەکسانی دەخرێنە ڕوو، بەبێ هیچ جیاکارییەکی واتایی یان چینایەتی کە لە تێزەکانی ئاستەنگو جیایان بکاتەوە. ئەم دیمەنەش وەها دەردەکەوێت کە وەک ئەوەی چەپ سیستەمی زمانەوانی و چەمکسازیی باوی ناو هەردوو فیکری لیبرالی و ئاستەنگوی خواستووە و گرتەبەر، و دەستەواژەکانی خۆی لە بارگاویە سۆسیالیستی و شۆشگێڕییەکەی بەتاڵ کردبێتەوە. لێرەدا ئەو خاڵەی پێویستە بە هەمووان ڕوون بێ ئەوەیە؛ کە مەبەست لە ئاراستەکردنی ئەم ڕوخانە بێ (حککک – پەکەکە) دەرخستنی جیاوازیی فیکری و سیاسییە و هیچ پاڵنەرێکی کەسیی لەپشت نییە.

**سۆسیالیستەکان و فەلسەفەی زمان:**

لە دیدگای سۆسیالیستیدا، زمان وەک سیستەمێکی ئەبستراکت (مجرد) لە ڕەساکان سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک پراکتیکێکی کۆمەڵایەتیی ماددی سەیر دەکرێت کە تێیدا هاوسەنگیی هێزەکان و ململانێی چینایەتی ڕەنگ دەداتەوە. زمان لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە ئەو مەیدانەیە کە ئایدیۆلۆژیای تێدا دروست دەکرێت، هێژموونی تێدا دەچەسپێنرێت، یان ڕزگاریی فیکریی لە ڕێگەوە ڕەبەرایەتی دەکرێت. هزری سۆسیالستی میراتێکی تیۆریی دەوڵەمەندی هەیە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان سیاسەت و زماندا؛ بەو پێیەی مارکسیزم لە زمان (بە چەمک و دەربڕینەکانییەوە) وەک ئامرازێکی گەیاندنی بۆلایەن ناوەندێت، بەڵکو وەک گۆڕەپانێکی زیندووی ململانێی چینایەتی، و ئامرازێکی کاریگەر بۆ هێژموونی سیاسی و ئاراستەکردنی ویژدانی گشتیی جەماوەر لای دەوەندێت. لە کاتێکدا مارکسیزمی کلاسیک زمانی لە چوارچێوەی «سەرخان»دا پۆلێن کردبوو کە لە لایەن ژێرخانی ئابووریەوە حوکم دەکرێت، مارکسیزمی ڕەخنەیی و ئاراستە زمانەوانییەکانی دواتر ئەم دیدگایەیان پەرەپێدا؛ بە ئەوەی جەخت بکەنەوە کە زمان ئامرازێکی داینامیکی و چالاکە کە ئاستەوخۆ بەشدارە لە پێکهێنانی هۆشیاری و داڕشتنی کردەی سیاسیدا.

ڤالێنتین ڤۆلۆشینۆف سەبارەت بە زمان ئەمەی خوارەوەی نووسیوە: (زمان بە دیارترین بوار دادەنرێت کە تێیدا چینایەتیی هەما و

پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەردەوام و گشتگیر لەگەڵ یەکلاکەرەوە دگۆن. وشە تەنها دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژییە کە بە تەواوی لە ناو ئەرکەکەیدا وەک دەلالەت جێی دەبێتەوە. وشە لەم دەخەدا لە ئەرکەکەی وەک دەلالەت جیا نابێتەوە و ناکرێت هیچ شتێکی لە هەبەهەنجرێت بە دوور لەم ئەرکە، ئەمەش وا دەکات وشە پاکترین و هەستیارترین ئامرازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بێت).- مارکسیزم و فەلسەفەی زمان / ڤالەنتین ڤۆلۆشینۆف – بەشی یەکەم – وەرگێڕانی بە عەرەبی: عیماد خالید ئەلحوتبە / الحوار المتمدن.
ڤالەنتین ڤۆلۆشینۆف پێی وایە کە وشە تەنها ئامرازێکی گەیاندنی بۆلایەن نییە، بەڵکو پەورێکی هەستیارە کە گەڕانکاریيە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەردەخات؛ واتە وشە وەک نیشانەیەکی ئایدیۆلۆژییە. یەک وشە (وەک: ئازادی، دادپەروەری، گەل) ماناکەی بە تەواوی دگۆڕێت بەپێی ئەو چینە یان ئەو حیزبە سیاسییەی کە دەریدەبڕێت. حیزبی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدات «یەک تەن» (ئاواز)ی جگیر بسەپێنێت بە خزمەتکردنی ئامانجەکانی، لە کاتێکدا حیزبە شۆشگێڕ یان ئۆپۆزسیۆنەکان هەوڵ دەدەن تەنەک بدەنە وشەکان کە گوزارشت لە خواستەکانی جەماوەر بکات.
هەربەرت مارکوزە لە کتێبەکەیدا (مرۆڤی تاکڕەهەند – بەشی چوارەم: «جیهانی داشتنی داخراو» ل ۱۲۱) زمانی سیاسی شیدەکاتەوە؛ لەم بەشەدا هووسێی دەکاتەوە کە چۆن زمان لە لایەن دەسەڵاتەوە کورت دەکرێتەوە بە تەنها دروشمگەلێک کە ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی هەشیاریی جەماوەرە. بەشێکی تەواوی کتێبەکەشی تەرخان کردووە بە شیکردنەوەی زمان لە ژێر ناوی زمانی دەسەڵات یان زمانی تاکڕەهەند. مەبەستەکەشی لەم چەمکە، و کاتێکی حیزبە چەپەکان بە ناو ئەم تەوەیە لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا کورت دەبێتەوە:

**زمانی کارپێکردن (کردەیی) ـ سەینەوەی مۆژوو و قووڵایی:**
مارکوزە پێی وایە زمانی سیاسیی مۆدێرن گۆڕاوە بە زمانێکی «تەکنیکی و کارپێکردن کە لە دەوری کردار دەخولێتەوە». ئەم زمانە کۆشکان ناخاتە ووە مۆگەر وەک مەسەلەی تەکنیکی کە پێویستیان بە چاکسازییە، نەک وەک قەیرانی بنیادی و جەوهەری لە بنەڕەتی سیستەمەکەدا. بە نموونە، کاتێک دەسەڵات یان دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس لە پرسەکانی وەک قەیرانی بێکاری یان کەمیی مووچە دەکەن، زمانەکە بە شێوەیەک دادەڕێژرێت کە کێشەکە تەنها وەک کەموکوڕییەکی تەکنیکیی کارگێڕی یان دارایی نیشان بدات کە پێویستی بە دانیشتنی چەند وەزیرێک یان شارەزایەکی ئابووری هەیە بە دەزینەوەی چارەسەر. ئەم زمانە ڕەگەری لە مرۆڤ دەکات لەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە بێکاری

بەشکی جۆهەری و بنیادیی لە خودی سیستەمی سەرمایەداری؛ واتە زمانەکە تەهەندی مۆزووبی و فەلسەفیی کەشکە دەستەوە، و تەنها تەهەندە تەکنیکی و کارگێیەکەی دەهێتەوە.

**زمان گومان قبوڵ ناکات ـ تەتالیتاریزمی زمانەوانی:**
مارکوزە هووبی دەکاتەوە چەن زمانی سیاسی لەگەڵ زمانی بازرگانی (یەکلامکردن) تەکەڵ بووە. ئەم زمانە پشت بە دروشمی کورت، کاریگەر، پەپالیستی، و ئامادەکراو دەبەستێت، کە ئەمەش توانای بیرکردنەوەی تەخنەیی دادەپشێت. لە بری ئاوەڵی وشکان چەمکگەلێک بن هانی بیرکردنەوە بدەن، دەگەڵەن بە فەرمانی جێبەجێکردن. نموونەی ئەمەش دروشمەکانی وەک: «ئازادی، دیموکراسی، پێشکەوتن، ئیرادەی گەل»ن. ئەم وشانە بە شێوازێکی زۆر لاستیکی و تەومژاوی دەخرێنە هووبە جۆرێک کە چیتر ناتوانیت پرسیاریان لەسەر بکەیت یان گومانیان لە بکەیت؛ چونکە خودی زمانەکە هەگبری لە دروستبوونی پرسیار. کاتێکیش دەستەبات یان حیزبێکی سیاسی دەڵێت: "ئەمە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا کار دەکەین"، ئاوا زاراوەی (بەرژەوەندیی گشتی) پیرۆزی و قاڵبێکی ئامادە وەردەگرێت کە هەگبری لە جەماوەر دەکات بپرسن: بەرژەوەندیی کام چین بە دیاریکراوی؟.
مارکوزە نووسیوێتی:(قسەکردن لە جیهانی داشتنی گشتیدا تەنها گواستنەوەی هاوواتاکان و وشە دووبارەبووەکانە، و لە واقیعدا هەرگیز بە دوای جیاوازیی جەریدا ناگەڕێت. بونیادی شیکاری وشە سەرکیەکە دادەبەزێت لەو ناوەرۆکانەی کە هەڵەشەی هەڵوەشاندنەوەی دەکەن یان لانیکەم کەسپ دەخەنە بەردەم ئەو مانایەی کە لە لەدوانە سیاسیەکان و هەی گشتیدا پێی بەکاردەهێنرێت. هاستیەکەشی ئاوێە کە ئەو چەمکەی دەخرێتە پلەی سرووتی پیرۆزەوە (پلەی سرووتی پیرۆز ـ نهێنی کاهینیەتی؛ یەکەکە لە حەوت نهێنیە پیرۆزەکەی کانیسە لە ئایینی مەسیحیدا)، پارێزبەندی دژی هەڵوەشاندنەوە بەدەست دەهێنێت). ـ (مرۆڤی تاکەهەند ـ بەشی چوارەم: «جیهانی داشتنی داخراو»).

**چەن حیزبە چەپەکان دەکەونە ناو ئەم تەڵەیەوە؟:**
لەم بەشەدا مارکوزە پێی وایە گەورەترین فەرمی سەرکوتکردن لە کۆمەڵگای مەدەرندا لە توانای ئەو کۆمەڵگایەدایە بە لەخۆگرتنی زمانی ئۆپۆزسیۆن و تەکەڵەکردنی تا ببێتە بەشێک لە زمانە بادەستەکەی خۆی. کاتێک حیزبێکی چەپ دێتە ناو مەیدانی سیاسییەوە، بە مەبەستی دژینەوەی پگەیەک لە دژگاکانی هاگیاندنداو و بە ئاوەی جەماوەر لەی تێبگات، خۆی ناچار دەبینێت

فەرهەنگی زاراوە ئایدیۆلۆژیکانی (کە سیستەمێکی لە بنەڕەتدا دەتوانێت) بگۆڕێت و ئەو زمانە تەکنیکی و پراگماتیستییەی لە جیگە دابنێت کە بازاڕی سیاسیی مۆدێرن قبووڵی دەکات.
کاتێ حیزبێ چەپێکی دەست دەکات بە بەکارهێنانی وشە لاستیکییەکانی وەک: «دەسکەاتی بنەماکان، ئیرادەی گەل، خۆشگوزەرانی، چاکسازی، و دادپەروەریی گشتی»، لێرەدا مارکوزە ڕوونی دەکاتەوە کە لەو چرکەساتەی چەپ دەستبەرداری زمانی ڕەخنەیی تایبەتەکەی خۆی دەبێت و زمانێ باڵادەستەکە وەردەگرێت، ئەوا بە تەواوی ناسنامەی خۆی لەدەست دەدات؛ چونکە ئەو وشانەی بەکاریان دەهێنێت پێشوەختە مانا ڕەسەنەکانیان لە لایەن سیستەمی سەرمایەداری و حیزبە لیبراڵ چەپ پراگماتیستەکانەوە دزراون، و گۆڕاون بە ئامرازی کۆنترۆڵکردن. بەمەش چەپ دەگاتە بە تەنها ئەپۆزسیۆنێکی ناوخۆیی کە دروشمەکانی سنووری سیستەمە باوەکە تێناپەڕێنن.
مەبەستی مارکوزە ئەوە بوو کە کەمپەینگای مۆدێرن، لە ڕێگەی تێکەڵکردنی زمانی سیاسی لەگەڵ زمانی بازرگانی (ڕیکلامکردن)، شێوازێکی زمانەوانیی بەرهەم هێناوە کە هەموو جیاکاری و جیاوازییەکان دەسڕێتەوە. کاتێک حیزبێکی ڕادیکاڵی چەپ بەیاننامەیەک دەردەکات و تێیدا بە هەمان ئەو وشە و دەستەواژانە قسە دەکات کە سیاسەتمەدارە لیبراڵەکان یان ئەپۆزسیۆنە پراگماتیستەکان، یان تەنانەت بەرپرسانی خودی دەسەڵات لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکاری دەهێنن (وەک: دەسەڵاتی گەل، خۆشبەختی بۆ خەڵک، داهاتووی گەش، ماف و ئازادییەکان)، ئەوا ئەمە لێرەدا ڕووبەڕووی دەرکەوتنێکی زۆقی «زمانی تاکەهێند» دەبینەوە. لەم چوارچێوەیەدا، زمان چیتر ئامرازی ڕزگاری و ڕەخنە نییە، بەڵکو گۆڕاوە بە یارییەکی تەکنیکی و بەبازاڕکردن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ شێوەیەکی کاتی، کە لە چوارچێوەیدا هەموو هێزە سیاسییەکان لە ناو یەک گوتاری قابیلگرتوودا دەتوێنەوە.

**جیاکردنەوەی زمان لە فیکر:**

**" زمان ڕەنگدانەوەی فیکرە نەک ئامرازێک بۆ فێڵکردن"- مارکس.**

بەڵام، تا چ ڕادەیەک مارکس و سۆسیالیستەکان (جیاکردنەوەی زمانی سیاسی لە دۆقی ئایدیۆلۆژی) قبووڵ دەکەن، واتە جیاکردنەوەی زمان لە فیکر، یان گوتار لە هۆشیاری؟ ئایا ئەم جیاکارییەی نێوان زمان / پێوپاگەندە و نێوان بیروباوەڕی ڕاستەقینە نابێتە هۆی جارێک لە ساختەکاری و چەواشەکردن؟ ئایا ئەمە بە پشێلکردنی بنەماکان و شەرعییەتی فیکری دانانرێت لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی

جەماوەری و حیزبیی کورتخایەندا؟ ئەم پرسیارەکی جەوهەریدایە؛ چونکە ئەم زمانی سیاسی سۆسیالیستی زانستی لە پێپەلیزمی چەپ جیادەکاتەوە. ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکە بدینەوە: بەڵێ، خودی مارکس هەرگیز ئەم جیاکردنەوە زۆرەملێیەی نەوان فیکر و زمانی قبوڵ نەدەکرد، و زۆربەی سۆسیالیستە بە پێرەش و ژدەکان پێیان وایە ئەم شەوازە بە ناچاری دەبێتە هۆی ساختەکردنی هۆشیاریی جەماوەر، و دروستکردنی دەخێک لە فەڵی هزری، و قوربانیدان بە بنەما تیۆرییەکان لە پێناو دەستکەوتی پراگماتیی کاتیدا.
لە کتێبە بەناوبانگەکیاندا «ئایدیەلۆژیای ئەڵمانی – ١٨٤٥» مارکس و ئینگڵس دەستەواژەیەکی مۆژوویییان داشتووە کە دەڵێت: «زمان واقیعی ڕاستەوخۆی فیکرە»؛ بە مانای پێکەوە بەسترانی هزر و زمان. مارکس پێی وایە لە ڕووی بنیادییەوە مەحاڵە مرۆڤ فیکرێکی شەڵشگێڕانەی هەبێت لە کاتێکدا پێنا ببات بەر زمانێکی کۆن یان بەرژوازی بە گوزارشتکردن لێی. مارکس لە کتێبی «هەژدەی بڕومێری لویس بۆناپارت»دا ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی ئەو حیزبانە کرد کە دروشم و زمانی لاستیکی بەکاردەهێنن بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان. ئەو پێی وایە شەڵشی سۆسیالیستی پێویستی بە خۆشاردنەوە نییە لە پشت دەمامکی «گەل» یان پێناگرتن بە دەستەواژە تەمومژاویییەکان، بەڵکو دەبێت خۆی بە زمانێکی ڕوون و ڕاستگۆیانە پێناسە بکات، بەم شێوەیە مارکس سازشکردنی زاراوەیی ڕەتکردەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، مارکس هەرگیز قبوڵی نەدەکرد حیزب سازش بکات لە ڕێگەی شاردنەوەی چەمکە جەوهەرییەکانی (وەک: ململانێی چینایەتی و هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتیی تایبەتی) و گڕینیان بە قسەکردن لەسەر «دەسکەاتی گەل و خۆشگوزەرانی» تەنها لەپێناو لەدەستنەدانی جەماوەرەکەی.

ئایا جیاکردنەوەی زمان لە فیکر «فەڵ و ساختەکاری» دروست ناکات؟ بەڵێ، بەگومان بە تەواوی دروستی دەکات، بەڵام پاساوی حیزب بە ئەم زمانە پێپەلیستییە کە بەتاکڕاوەتەوە لە بنەماکانی سۆسیالیستی، پێویستی (پڕوپاگاندەکردن و ئاژیتاسیۆن – وروژاندن)ی جووڵاندنی هەست و سۆزی جەماوەر بە ئەوەی هەڵوەستەکی خۆڕا و کردەیی وەربگرن. لە ڕاستیدا، پڕوپاگاندە و ئاژیتاسیۆنی سۆسیالیستی لە پێناو ڕاکێشانی جەماوەردا، بە هیچ شێوەیەک بە مانای هاوتابوونی زمان و گوتار نایەت لەگەڵ پارتە بەرژوازییەکانی تردا، و نابێت ببێتە هۆی لەدەستدانی هزر و بنەما جەوهەرییەکانی خۆی.
کاتێک حیزبێک لە ناوخۆیدا بەرنامەیەکی ڕادیکاڵ پێیەوە دەکات (وەک: دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداریەتی

تایبەتی سەرمایەداری و بازاڕ)، بەڵام لە دەرەوە بە زمانێکی جیاواز ووە لە جەماوەر دەکات و پێیان دەڵێت: (ئەمە دەستاتی ئیرادەی گەل و ئازادیمان دەوێت)، ئەوا ئەمە لەرەدا ووبەووی دوو تەنگژەی مەڵاڵی و سیاسیی گەورە دەبینەوە.
لە پلەی یەکەمدا حیزبێکە جەماوەری چەواشە کردووە، چونکە لەرەدا حیزب بە ووخساری فەنتازیکی زیرەک دەردەکەوێت کە بە عەقڵییەت و لووتبەرزییەکی بژاردە «لە سەرەوە بە خوارەوە» سەیری جەماوەر دەکات؛ وەک ئەوەی حاڵی زمانەکەی بێت: خێڵکی گشتی هۆشیاریی تەواویان نییە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەکەمان، کەواتە با بە دروشمی سادەکراوە بیانخەینەتنین. دووەم، حیزب ژینگەیەک دروست دەکات بۆ دووفاقیی کادیران و لێکترازانی کۆمەڵایەتیی حیزبی. لەم ژینگەیەدا کادیرانی حیزب تووشی جۆرێک لە پارچەپارچەبوونی ناسنامە دەبن؛ بۆ جۆرێک لە ناو هێڵکانی حیزبدا بە زمانێکی ئایدیکاڵی توند قسە دەکەن، لە کاتێکدا لە فەزای گشتیی یان دەزگاکانی ئاگەیاندنداد دگەڵن بە سۆسیال دیموکراتێکی نەرم. ئەم دوفتارەش وا دەکات جەماوەر بە تەواوی متمانەی بەم جۆرە حیزبانە نەمێنێت.

**پشێلکردنی بنەماکان لە پێناو جەماوەریبوونی کاتیدا:**
ئەمە هەمان ئەو تێڕوانینەیە کە حیزبە کۆمۆنیستەکان و زۆرێک لە هێزە چەپەکانی تری ناوچەکە تێیکەوتوون. ئەوان پێیان وابوو ئەم جیاکارییە زمانەوانییە دەتوانێت حیزب بگەیەنێت بە هێزێکی جەماوەریی گەورە، بەڵام ئەنجامە مێژوویەکە بە تەواوی پێچەوانە بووەوە. کاتێک بە چەندین ساڵی درێژ زمانی «ئەپۆزسیۆنی نەریتی باو» وەک تاکە بژاردە بکاردەهێنیت، وردە وردە مەشکی کادیران و لایەنگرانی حیزب لە فیکری ئایدیکا دادەماڵرێت، تا دواجار وەک شوێنکەوتوو و هەگری ئاستەقینەی خودی ئەو زمانە تەومژاویە دەمێنێنەوە، لە پێناو کەکردنەوەی چەند کەسێکی زیادە لە خێپیشاندانێکدا یان کەکردنەوەی هەندێک دەنگی هەبژاردن، سەرئەنجام بنەما جەوهەرییەکانی حیزب دەکرێنە قوربانی (قوربانیدان بە ستراتیژ لە بەرژەوەندیی تاکتیکدا)، ئەمەش هێکخراوەکە بەرەو مایەپووچبوونی فیکری دەبات؛ و کاتێک قەیرانێکە دادەمرکێتەوە و جەماوەر باوەی لێدەکات، حیزب خۆی دەبینێتەوە کە ناسنامە فیکرییەکەی پشووی لەدەست داوە بەبێ ئەوەی سەرکەوتوو بووبێت لە بەدەستهێنانی پگەیەکی جەماوەریی ئاستەقینە. ئەو حیزبە شیوعی و چەپانەی زمان لە فیکر، یان گوتار لە ئایدیاڵیا جیادەکەنەوە، قەیرانی چەمکیان هەیە لە گوتارکانیاندا، و پێیوەی تاکتیکێکی ماکیاڤیلی دەکەن کە پێی وایە «ئامانج پاساو بە ئامراز دەهێنێتەوە». بەڵام مارکسیزمی

ەسەن جەخت دەکاتەوە کە ئاستگیری فیکری و ڕوونیی زمان دوو مەرجی بنەڕەتین بۆ بنیاتنانی هۆشیاریی ئاستەقینەی چینی کرێکار.

**زمانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:**

لێم بەشێی یەکەمدا، نموونەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەهێنینەوە، ئاوەژوو لە ڕێگەی ئاو زمانەوە (وشە و چەمکەکان) کە لە بەیاننامەکانیدا بۆکاری دەهێنێت، سەرچاوەای وتار و گوتارەکانی ئێندامانی سەرکردایەتیی حیزبەکە.

(هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، بەهۆزی میلیشیا بەشۆوێکی ڕەها و نایاسایی دەستیان بەسەر دەسەڵات و تەواوی سامان و داهاتی ئیم کۆمەڵگەیەدا گرتووە. کوردستانیان بە زەر و زۆرداریی میلیشیاکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە. .. ئیم فێم و مەدەلە لە دەسەڵاتدارێتی و وردوخاشکردنی ئیرادەی خەڵک، تا سەر مێخ کۆنەپەرستانە و ناکۆکە بە هیوا و ئاوات و ئارەزووکانی خەڵکی شارستانیی کوردستان و پێوانە سەردەمیەکان و هەرگیز شایانی ژیان و شکۆی خەڵکی کوردستان نییە و دژبە کۆتایی بێت.) – سەرچاوە: بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری سەبارەت بە: پێویستی خەبات بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵە! – تشرینی یەکەم 1, 2026.

بەیاننامەکە دەڵێت: (دوو دەسەڵاتی میلیشیایی ستەمکار و سەرکوتکەر و نایاسایی و ناشارستانی و نابەرپرس بەرامبەر ژیان و پێداویستی و ئازادییەکانی خەڵک) – دەسەڵاتی نایاسایی و ناشارستانی مانای چییە؟ مەبەستی ئیم کۆمۆنیستانە لە (یاسا و شارستانیبوون) چییە؟. ئایا ئێگەر دەسەڵات یاسایی و شارستانی بووایە، هیچ کێشەیەک نەدەبوو؟ ئایا ئیمە دیدگایەکی مارکسییە بۆ دەسەڵاتی؟.

زمانی دەقی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە واقیعدا تێکەڵەیەکە لە ڕێخنەی مارکسیی کلاسیک لە دەوڵەت و دروشمی سیاسیی پۆپۆلیستی (جەماوەری) بۆ جووڵاندنی شەقام.

بۆ تێگەیشتن لەوەی مەبەستیان چییە لێم چەمکانە، و ئایا ئیمە دیدگایەکی مارکسییە یان نا، پێویستە بابەتێکە لەسەر ئاستی فەلسەفی و سیاسی شیبکرێتەوە:

مانای «دەسەڵاتی نایاسایی و ناشاریستانی» لە ڕوانگەی حیزبی شیوعییەوە:

ئێگەر وەک حککک دەڵێ:(دەسەڵاتی ئیم دوو بنەماڵەیە، وەکو فەرمی بەرجەستەبووی دەسەڵاتی چینی بورژوازی کورد)، ئایا دەبوو بەڵای حیزب ئیم «دوو حیزبە بنەماڵەییەکە»؛ بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی – پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەکام یاسا و شارستانییەت دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا

بگرتایە؟.
لەردا مەبەستیان لە « دەسەاتی نایاسایی – یاسا» لە ەوانگەی فەلسەفەی مارکسیەوە نییە، چونکە لەو ەوانگەیەوە ئەو دەسەاتەی بەرژەوەندیی زەرینە (کرکاران) ناپارزت لە بنەتدا بە نایاسایی و ناشرعی دادنرت. بەکو مەبەستیان «یاسای سروشتیی بەرژوازی» یان یاساکانی پرلەمانی ئستای هرەم، واتە مەبەستیان ئەویە کە ئەم دەسەاتە تەنانت پابەند نابت بەو بنەمایاسایی و دەستووریانەشەوە کە خودی خەی دایشتوون (وەک ئنجامدانی هەبژاردنی پاک، یان دەستاودستکردنی ئاشتییانەی دەسەات، یان یاسای کار).
مەبەستیان لە چەمکی دەسەاتی ناشاریستانی شەوازی حوکمانییە؛ کاتەک هەزە چکدارکان و میلیشیاکان بیار دەدەن لە بری دامزراوە مەدەنی و یاساییکان، و کاتەک تیرری سیاسی و سرکوتکردن هەیە، ئەمە لە فرهەنگی سیاسیی ئەواندا پناسە دکرت بە گەانەوە بە «سردەمی پش دووت» یان «قۆناغی خەکی و دررەگایەتی»، نەک کەمگایەکی مەدەنی و شارستانی (Civil Society).
یاسایی و شارستانیی کام چینی کەم؟ ئایا ئەم دیدگایەکی مارکسییە بە دەسەات؟. ئەم زمانەی بیاننامەکە مارکسیی کلاسیکی پوخت نییە، بەکو زیاتر دچتە خانەی «پپالیزمی سیالیستی»یەوە لەبر ئەم هکارانە:

۱. دابشبوونی چینایەتی بەرامبر دابشبوونی سیاسی: مارکس دەسەاتی سیاسی لسر بنەمای «کە خاوەنی ئامرازکانی برهمهێنانە؟» (سرمایەدار بەرامبر کرکار) شیدکاتەوە. بەام ئەم بیاننامەیە کشەکە کورت دکاتەوە لە «دەسەاتی بنەما و میلیشیا»دا (واتە کشەیکی سیاسی و کشەی حوکمانی)، نەک کشەیکی ئابووری و چینایەتیی جەوهری. زمانی سیاسی حیزب لەردا لە هاوکشەی( دەسەاتی نریەتی بەرامبر دەسەاتی مەدرنی بەرژوازی) داەژراوە.
۲. چەمکی «شارستانیبوون»: لە فەلسەفەی مارکسیدا، خودی «شارستانییەتی بەرژوازی» جگەی ەخنەیە. مارکس پی وایە شارستانییەتی سرمایەداری لسر خوەن و چەوساندنەوەی کرکاران بنیات نراوە. بیە، بکارهێنانی چەمکی «ناشاریستانی» وەک تەمەتەک بە دەسەات ەنگدانەوەی تەوانینکی لیبرالییە زیاتر لەوەی مارکسی بت؛ چونکە وەها دردکەوت کە تە دەیت: «ئەم دەسەاتکی سرمایەداریی شارستانیمان دووت».

ئایا لە دیدگای مارکسیستەکانەوە دەسەڵاتی (بایدن، پوتین، ماکرۆن، ترەمپ و نەتەنیاهۆ) بە دەسەڵاتکی شارستانی دادەنرێن؟ ئەی چی سەبارەت بە دەسەڵاتی (سیسی، ئەردۆغان و خامنەیی)؟ جیاوازیی نێوانیان لە چیدایە؟ لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە، سەرجەم ئەم دەسەڵاتانە لە جۆهەردا دەسەڵاتی «یاسایی و شارستانیی بۆرژوازین»، لەبەر ئەوەی هەموویان پارێزەری خاوەندارێتیی تایبەتی سەرمایە، سیستەمی کاری کرێگرتە، پووڵ و بازاڕن؛ هەرچەندە لە ڕووی فۆرمی حوکمڕانی و ئایدیۆلۆژیاوە جیاوازن. لە کاتێکدا لای سۆسیالیستەکان ئەم جیاوازییە ڕووکەشانەی نێوان فۆرم و ئایدیۆلۆژیای بۆرژوا دەسەڵاتدارەکان هیچ بایەخکی نییە، بۆیە لای لیبراڵەکان و چەپی پۆپۆلیست وەک پۆوتری سارکی و جگەی بایەخ سەیر دەکرێن.
مۆژوو نیشانی داوە کە نازییەکان و هیتلەر لە ڕێگەی یاسا و هەڵبژاردنی دیموکراسییەوە گەیشتنە دەسەڵات. لە سەردەمی ئێستاشدا، زۆرینەی حکومەتە بۆرژوازییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی سیستەمکی بەربەریانە بڕووەدەبن؛ لە لایەکەوە کرێکاران برسی دەکەن، جەنگ بەرپا دەکەن و بودجەی زۆبەڵاح بە بەسەربازیکردن خەرج دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە کۆچبەران دەردەکەن و گوتاری ڕاسیستی بەرهەم دەهێنن. سەرەڕای ئەوەش، داممانی بانک و بەرسەکانیان دەبەتە هۆی فەوتانی سامانی هاووڵاتیان و بەاووبوونەوەی نائارامی و شەواوی لە کۆمەڵگەدا، لە کاتێکدا بەساڵاچووان و منداڵانی چینی کرێکار لە سەرەتاییترین مافەکانی تەندروستی و خوێندن بێبەش دەکرێن. سەرجەم ئەم دیاردە دەندانەیە دەرەنجامی دەسەڵاتی یاسایی و «بەناو شارستانی»ی بۆرژوازییەتین؛ ئەو چینەی کە ڕوخساری نوێنەرەکانی (چ پیاوەکی ئایینی بێت، بنەماڵەیەک، ئەفسەرەکی سەربازی یان حیزبەکی مەدەرنی تەکنەکراتی کەستیملەبار) جۆهەرە بەربەریەکەی ناگۆڕێت.

٣. تیۆری دەوڵەت لای لینین: ئەگەر لە گۆشەنیگای ڤلادیمیر لینینەوە (لە کتێبی دەوڵەت و شۆڕشدا) سەیر بکەین، ئەوا میلیشیا و سوپا بەشکی جۆهەرین لە هەر دەوڵەتکی چینایەتی. تاکە جیاوازی ئەوەیە کە ئەم میلیشیایانە لە کوردستان حیزبی و بنەماڵەیین نەک دامەزراوەیی. بۆیە، ڕەخنەگرتن لە «سیمای میلیشیایی» بە تەنها بەبێ ڕەخنەگرتن لە خودی چەمکی دەوڵەتی بۆرژوازی، بە لادان لە مارکسیزم دادەنرێت.

**ئایا ئەگەر دەسەڵات یاسایی و شارستانی بووایە، هیچ کێشەیەکیان**

**لێگۆڕیدا نەدەبوو؟.**
نەخێر، بە دڵنیاییەوە هەر کۆشیان لێگۆڕیدا دەبوو. لێرەدا ناکۆکیی نێوان زمانی سیاسی و تیۆری فەلسەفی دەردەکەوێت. لە ڕووی تاکتیکی و دروشمبازییەوە، حیزب ئەم چەمکانەی بەکارهێناوە بۆ ئاوەژووکردنەوەی لای هەموو چینەکانی کۆمەڵگا (تەنانەت چینە ناوەندەکان و ڕۆشنبیرانیش) قبوڵکراو و گونجاو بێت، چونکە هەمووان لە نایاسایییبوونی دەسەڵات ناڕازین. بەڵام لە ڕووی ستراتیژی و فیکرییەوە، تەنانەت ئۆگەر دەسەڵاتکی «یاسایی و شارستانی و دیموکراتی مەدەرنی بەرژوازی»ی تێواویش لە کوردستاندا بوونی هەبوایە (لەسەر شێوازی دەوڵەتە ڕۆژاواییەکان)، ئێوا لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە هەر بە «دیکتاتۆرییەتی بەرژوازی» دادەنرا. مارکسیستەکان پێیان وایە یاسا و دەوڵەت لە سیستەمی سەرمایەداریدا تەنها دوو ئامرازن بۆ دەست چینی باڵادەست بۆ چەوساندنەوەی چینی کرێکار، تەنانەت ئۆگەر لەوپەڕی شارستانییبوون و دیموکراتی مەدەرنی بەرژوازییشدا بن.
ئەم ڕەخنەیەی حککک ئاراستەی دەسەڵاتی دەکات بە زمانێکی هاوشێوەی ڕەخنەی سەرجەم حیزبە ئێپزسیۆنەکانی تری کوردستان (یەکگرتووی ئیسلامی، و حیزبە لیبراڵ و کۆنەپارێزەکان – وەک بزووتنەوەی گۆران، و نەوەی نوێ) نووسراوە؛ واتە زمانی پڕوپاگەندەی پۆپۆلیستیی بەرژوازییە، زمانێکە هەمووان لەسەری کۆکن، زمانێکە خەڵکی بەرز دەکاتەوە بەسەر چینایەتیدا و سنووورەکانی فیکری سیاسی تەدەپەڕێنێت و هەمووان تێیدا لێیەک دەچن. ئەمە هەمان ئێو زمانە سیاسییەیە کە مارکوزە باسی لێوە کردووە (زمانی پڕوپاگەندە – زمانی بەبازارکردن – ێکلام).
ئەم بۆیانناماێە، لە ڕووی شیکاریی فەلسەفییەوە، کۆتووتە ناو پارادۆکسێکەوە (ناکۆکیی زاتی)؛ چونکە لە لایەک دێێوێت سۆسیالیست و شۆڕشگێڕ بێت، و لە لایەکی ترەوە چەمکگەلێکی وەک (یاساییبوون و شارستانییبوون) بەکاردەهێنێت کە چەمکی فیکریی لیبراڵیزم و دیموکراسیی بەرژوازین. ئەمەش پەیمان دەڕێت کە حیزب لەم بۆیانناماێدا زمانی «پڕوپاگەندەی سیاسیی ڕۆژانە»ی پێش بیروباوەڕی «شیکردنەوەی فەلسەفیی قوول»ی مارکسی خستووە، بە ئێوەی بتوانێت لێگۆڕ ناڕازایەتییە گشتییەکانی شەقامی کوردیدا بگونجێت و هاوئاهەنگ بێت.

**پێکدادانی نێوان گوتاری سیاسی و بیروباوەڕی فیکری:**
( خەباتی یەکگرتوانە و ڕێکخراوی کرێکاران و مامۆستایان و کارمەندان و ژنان و لاوان و کاسبکاران، دەتوانێ ئەم دەسەڵاتە

ولابنە و دەسەاتیک بەرپا بکات کە پشتی بە ئیرادەی ئاستەوخۆی خەڵک بەستبێت، دەسەاتێک کە بەرنامە و ئیرادەی بە دەستبەرکردنی خۆشبەختی بێت بە خەڵک. ئەمە خباتێکی هەمەگیر و ڕەکخراوی دەوێ، پێویستی بەوەیە یەکگرین و بە دامەزراندنی ڕەکخراوکانمان ڕیزەکانمان یەکگرتوو بکەین. ئابڕان و هەڵسوڕاوان و پشەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن لەم خباتە و لە یەکگرتوکردنی جەماوەریدا ڕۆڵی پشەوانە بگێڕن. هەر حزبێکی سیاسی کە تەزقاڵەکیش خۆی بە لایەنگری ئازادی و مافەکانی خەڵک بزانێ، ئەمە ئیتر دەبە سەنگەری خۆی هەڵبژێرێت، لە پاڵ ئەم خباتە یان لە پاڵ دەسەاتی ستەمکاردا ئادەوستێت؟)- هەمان سەرچاوە.
دامەزراندنی دەسەاتێک کە پشت بە ئیرادەی ئاستەوخۆی «گەل» یان «جەماوەر» ببەستێت؟. دەسەاتی گەل واتە دیموکراسی، بەاڵم لە بەیاننامەکەدا ناوی نەهاتووە، و باس لە جۆری ئەو دیموکراسییە ناکات (دیموکراسیی لیبراڵی، دیموکراسیی شۆڕشگێڕانەی لینین، دیموکراسیی جەماوەریی ماو، یان دیموکراسیی گەلانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK). ئایا دەسەاتی گەل جگرەوەیە بە چ سیاسەتێک لە کوردستان؟ بزووتنەوەی نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گەانیش باس لە دەسەاتی گەل دەکەن!. ئایا ئەم بەشەی بەیاننامەکە نوێنەرایەتیی دیدگایەکی مارکسی بە دەسەات دەکات؟. و شیکاریی فەلسەفیی سیاسی سەبارەت بە دەسەاتی (گەل) چییە؟.
ئەم بەشەی بەیاننامەکە دەست دەخاتە سەر قووڵترین پارادۆکس (ناکۆکی) لە فیکری حکککدا. کاتێک دەڵێن «دەسەاتی ئاستەوخۆی گەل»، ئەمە کام دیموکراسییە، و جیاوازیی چییە لەگەڵ حیزبە پۆپۆلیست و لیبراڵەکانی وەک نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گەان؟.
بە وەامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت پردە لەسەر جۆری ئەو دیموکراسییە لابدرێن کە کەمەنیزمی کرێکاری باسی دەکات، و شیکاری بکرێن کە ئایا ئەمە مارکسییە یان نا.
١. ئەم دەسەاتە کام جۆری دیموکراسییە؟. هەکاری بەکارنەهێنانی وشەی دیموکراسی لە بەیاننامەکەدا ئەوەیە کە وشەی دیموکراسی لە فەرهەنگی مارکسیدا پیس بووە بە چەمکی «دیموکراسیی بۆرژوازی یان پۆڵەمانی» (کە بە فەق و چەواشەکاریی دادنرێ). لای حکککەک، جگرەوەی دەسەاتی ئێستا بریتییە لە دیموکراسیی شوراکان (Soviet Democracy).
لە دیموکراسییە لیبراڵیدا (کە نەوەی نوێ و بزووتنەوەی گەان باوەیان پێیەتی)، خەڵک چوار ساڵ جارێک دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەسەات ئادەستی پۆڵەمانتاران دەکەن، پاشان خەڵک دەگەڕێنەوە و دەبنە تەنها چاودێر بەبێ هیچ دەسەاتێکی ئاستەوخۆ.

حککک باوەی وایە کە دەبێت خەڵک «شورا» (ئەنجومەن) لە شوێنکانی کار، کارگەکان، گەڕەکەکان، و زانکۆکاندا پێکبهێنن. بەیارمەتیش لە بنکەوە بۆ لوتکە دەدرێن. خەڵک خۆیان ڕاستەوخۆ حوکمڕانیی خۆیان دەکەن، و هەر کاتێک نوێنەرەکانیان خیانەتی لە کردن، دەتوانن دەستبەجێ لە پۆستەکەی لایبدەن (ئەمە مەدلی کۆمۆنەی پاریسی ساڵی ١٨٧١).

ئایا مەبەستیان لە دەسەڵاتی گەل دامەزراندنی (دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە)یە، وەک قەناغی یەکەمی شۆڕش؟ بەیاننامەی حیزبەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەو بارەیەوە تێدا نییە. حککک لە بەیاننامەکەیدا بە مەبەست هەڵکی ناڕوون و تەمومژاویی لە نێوان چەمکی دیموکراسیی و چەمکی دەسەڵاتی سۆسیالیستیدا هەشتووەتەوە.

لە ڕووی فەلسەفەی سیاسی و ئەدەبیاتی خودی حیزبەکەشەوە (کە پشت بە تێزەکانی مانسوور حیکمەت دەبەستن)، دەتوانین ئەم ناڕوونییە لە سێ خاڵدا شیبکەینەوە:

**١. جیاوازیی نێوان «دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە» (تێزی لینین) و تێزی مانسوور حیکمەت:**

تێزی لینین (قەناغی یەکەمی شۆڕش): لینین لە ساڵی ١٩٠٥دا باسی لە «دیکتاتۆریەتی دیموکراتیی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا و جووتیاران» کرد وەک قەناغێکی گواستنەوە کە پێش شۆڕشی سۆسیالیستی دەکەوێت. دواتر لە (تێزەکانی ئەپریل)دا، کە زنجیرەیەک ڕێنمایی و بەرنامەی سیاسییە لە نیسانی ساڵی ١٩١٧ بۆ باوکرایەوە، لینین لەم نووسراوەیدا نەخشەڕێگای سەرکەی دادەڕێژە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و گواستنەوەی دەسەڵات بە دەستی بەڵشەفیەکان، «دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە» تێ دەپەڕێنن. لە فیکری ککککدا، شۆڕش دابەش نابێت بەسەر دوو قەناغدا (سەرەتا دیموکراسی و دووەم سۆسیالیزم). ئەوان باوەڕیان وایە کە لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستان و عێراقدا، هەر گەڕانکارییەک ئەگەر ڕاستەوخۆ نەگەڕێت بە دەسەڵاتێکی شورایی و سۆسیالیستی، ئەوا جارێکی تر دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە بە دەسەڵاتێکی بۆرژوازی. بۆیە لەم بەیاننامەیەدا، لە بری وتنی دەسەڵاتی شورایی و سۆسیالیستی، چەمکە لاستیکییەکەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی گەلیان بەکارهێناوە.

**٢. بۆچی بەیاننامەکە ڕوونکردنەوەی تێدا نییە؟**

نەبوونی ڕوونکردنەوە لە بەیاننامەکەدا پەیوەندیی بە جیاوازیی نێوان بەرنامەی حیزب و بەیاننامەی تاکتیکییەوە هەیە. ئامانجی ڕاستەوخۆ لەردا پێکهێنانی بەرەیەکی گشتییە (تاکتیک)؛ کاتێک حیزب

بەیاننامەیەک دەردەکات کە ئاراستەی شەقام و ناڕازایەتییەگشتییەکان کراوە، خەی بەدوور دەگرێت لە بەکارهێنانی زاراوەقورسەکانی وەک دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یان دیموکراسیی شۆڕشگێڕانە، چونکە دەترسێت توێژەکانی وەک مامناوەندیان و فەرمانبەران و کاسبکاران لەی بترسن و لەی دووربکەونەوە. لە بری ئەوە حیزب پێنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی زمانێکی کراوە (واتە هەستاوە بە جیاکردنەوەی زمانی سیاسی لە دەقی ئایدیۆلۆژی). لێرەدا چەمکی «دەسەڵاتی ڕاستەوخەی گەل» لە قاپێکی بەتاڵ دەچێت؛ بە جۆرێک لایەنگرانی حیزب وا دەزانن شورا کرێکارییەکانی تەدایە، لە کاتێکدا خەڵکی ئاسایی و ناڕازییەکان «حکومەتێکی دادپەروەر و دوور لە گەندەڵی» تێدا دەبینن.

**٣. ناڕوونیی زمان و ونبوونی ناسنامە:**
لە ڕووی فەلسەفەی زمانی سیاسییەوە، ئەم بەدەنگی و ڕوونکردنەوەیە لە ناو بەیاننامەکەدا دەبێتە هەی بتوانایی دەقێکە لە سەلماندنی جیاوازییە جۆهەرییەکەی. کاتێک حیزبێکی مارکسی باس لە قەناغی دوای ڕووخاندنی دەسەڵات دەکات، بەبێ ئەوەی ماهییەتی چینایەتیی ئەو دەسەڵاتە نوێیە پێناسە بکات، ئەوا لە ڕووی تیۆرییەوە دەکەوێتە ناو هەمان ئەو تەڵەیەوە کە هەزە ئەپزسیۆنە پەپلیستەکانی تێکەوتوون؛ واتە تەنها باس لە چۆنیەتی حوکمەانی (ئیرادەی گەل) دەکات، نەک ماهییەتی ئابووری و چینایەتیی دەسەڵاتەکە.

لێرەدا حیزبەکە فەلسەفە و ناسنامە ئایدیۆلۆژییەکەی خەی کردووەتە قوربانیی مەیدانی سیاسەتی ڕۆژانە و ڕاکشانی سەرنجی جەماوەر، بە جۆرێک کە جیاوازییەکانی نێوان گوتاری ئەو و گوتاری حیزبە لیبڕاڵ و چاکسازیخوازەکانی تر لەسەر پرسی دەسەڵات بە تەواوی تەمومژاوی بووە. کاتێکیش حیزبێک فەلسەفە شۆڕشگێڕییەکەی لە دروشمە گشتییەکاندا کورت دەکاتەوە، ئەوا ڕێک دەکەوێتە ناو یاریی خگونجاندن و هاوشێوەبوون لەگەڵ جەماوەریان پپلیزم؛ چونکە لە بری ئەوەی جەماوەر بەرز بکاتەوە بە ئاستی هۆشیاریی فیکریی خەی، خەی دادەبەزێنێتە ئاستی خواستە ڕۆژانەکانی سەر شەقام.

**فەلسەفەی کرێکاران:**
چینی بەرژوازی، لەپێناو پاراستنی سامان، دەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداریدا، پێنا دەباتە بەر زمانێکی فەلسەفی و سیاسیی چەواشەکار و ناڕۆشن. لە بەرامبەردا، چینی کرێکار ڕزگاربوون لە

چوسانەوەی سەرمایەداری، پێویستی بە زمانێکی فەلسەفی و سیاسیی ڕاستگۆ، ڕۆشن و زانستییە. لەم نێوەندەدا، زمانی فەلسەفی و سیاسیی سەسیالیستی دەبێتە ئەو پردە هەزرییەی کە کۆمۆنیستەکان بە کرێکارانەوە دەبەستێتەوە و وا دەکات کرێکاران ببنە خاوەنی ڕاستەقینەی فەلسەفەکەی خۆیان. جۆرج پۆلیتزەر پێوەندی چینی کرێکاران و فەلسەفەی سەسیالیستی بەم شێوە نایابە ڕۆشن دەکاتەوە:( پێویستە لە سەرەتاوە ئەوە ڕوون بکەینەوە، ئەگەر کرێکاران پێویست بووبن بە فەلسەفەی مارکسیزمەوە، و ئەگەر ئەم فەلسەفەیان بە ڕۆشنی پێی گەیشتبێ، ئەوە تەنها لەبەر ئەوە بووە کە خەباتیان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجگایەی کە تێیدا چەوساوەن، ناچاری کردوون کە لەم کۆمەڵگایە تێبگەن و لەکۆتاییەکەی زانستیی بە بکەن. بەرژەوەندییەکانی خۆی وەک چینێکی سەردەست، هەوە دەدات ئەوە لە بیری خۆک ببات تەوە کە باڵادەستییەکەی لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی هەزی کار ڕاوستاوە. ئەوان نکۆڵی لە ڕاستیی چەوساندنەوەی سەرمایەداری دەکەن، چونکە دانان بەم ڕاستییەدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان وەک چینێکی چەوسێنەر ناگونجێت. هەر بۆیە دەبینین بەرژەوەندییەت چاوپۆشی لەم ڕاستییە دەکات.
پێگەی کرێکاران لەمە جیاوازە. چونکە بەرژەوەندیی ئەوان، وەک چینێکی چەوساوە کە دەیەوێت کۆتوبەندی چەوساندنەوە تێکبشکێنێت، لەوەدایە کە ڕووبەڕوو سەیری جیهان بکەن. چینی چەوسێنەر پێویستی بە درۆ هەیە بە بەردەوامبوونی چەوساندنەوە، لە کاتێکدا چینی شۆڕشگێڕ پێویستی بە ڕاستی هەیە بە لێناوبردنی چەوساندنەوە. ئەم چینە پێویستی بە تێڕوانینێکی ڕاستگۆیانە هەیە بە جیهان کە یارمەتی بدات ئەرکە شۆڕشگێڕییەکەی بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات. ئەم تێڕوانینە ڕووبەڕووە بە جیهان بریتییە لە «ماتریالیزم»، بۆ هەیەوە بووەتە فەلسەفەی چینی شۆڕشگێڕ؛ فەلسەفەی ئەو چینەی کە بەرژەوەندییەکەی لە تێگەیشتن لە کۆمەڵگادایە بە ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە، و بەم شێوەیە مارکسیزم دەبێتە فەلسەفە زانستییەکەی کرێکاران.

**ئەندرێ ژدانۆف دەڵێت:**
«دەرکەوتنی مارکسیزم وەک فەلسەفەیەکی زانستیی چینی کرێکاران، بووە هۆی کۆتاییهاتنی سەردەمی فەلسەفەی کۆن، کاتێک فەلسەفە کاری گۆشەگیرەکان بوو لەناو قوتابخانەگەلێکدا کە لە ژمارەیەکی کەم لە فەیلەسووف و هاوڕێکانیان پێکهاتبوون، کە دوور لە جیهانی دەرەوە دژیان، لە ژیانی گەل دابڕابوون و وەک نامۆیەک بوون بەرامبەری.

مارکسیزم قوتابخانەیەکی فەلسەفی نییە لەم جۆرە. بەکو بە پێچەوانەوە، وەک تێپەڕاندنەکی فەلسەفەی کۆن دەردەکەوێت دوای ئەوەی کە فەلسەفە تەنها لە چەند کەسێکی هەبژاردەدا لەناو ئەرستۆکراتییەتێکی هزریدا قەتیس کرابوو؛ هەروەها سەرەتای قەناغێکی نوێیە کە تێیدا فەلسەفە دەبێتە چەکێکی زانستی لە دەستی چینی کرێکاران کە لەپێناو ڕزگاربوونیاندا خەبات دەکەن». (سەرچاوە:- بنەما سەرەتاییەکانی فەلسەفە -/ فەلسەفەی شۆشگێڕ: فەلسەفەی کرێکاران- جۆرج پۆلیتزەر.

**پەراوێزەکان:**

(١) ئەو دەقە لەم بۆگەیەدا هاتووە:" بەڕام ئۆگەر بنیاتنانی داهاتوو و یەکلاکردنەوەی هەموو شتێک بە هەموو سەردەمەکان کاری ئەمە نەبێت، ئەوا ئەوەی کە دەبێت لە ئێستادا ئەنجامی بدەین زۆر ڕوونترە: مەبەستم ڕەخنەی بەبەزەییانەیە لە هەموو ئەوەی کە هەیە؛ بەبەزەییانە بەو مانایەی کە ڕەخنەکە نە لە دژە ئەنجامەکانی خۆی بترسێت و نە لە پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتە باڵادەستەکانی ئێستا." – کارل ماركس (نامە بە ئارنۆلد ڕوگە، ئێیلوولی ١٨٤٣). هەروەها ماركس وتوویەتی:«بەدەنگبوون لە ئاست هەڵەدا بەبێ بڕەچدانەوەی، بە هاندان بە بەدڕەوشتیی فیکری دادەنرێت»؛ مارکس پێی وایە بەدەنگبوون لە ئاست بیرێکە هەڵەکاندا یان پاساوهێنانەوە بۆیان، ڕەفتارێکی نائەخلاقییە لە ڕووی فیکرییەوە؛ چونکە بڕوودان بە هەڵە ناتوانێت خزمەت بە جەماوەر بکات، بەکو بەشدار دەبێت لە شێواندنی هۆشیاریان و هەشتنەوەیان لە دۆخێکی سەرلەشێواویی فیکریدا، لە بری گەیشتن بە حەقیقەتی زانستیی شۆشگێڕانە.